# کاریگەریی جەنگی ڕووسیا و ئۆکراینا لەسەر تورکیا

سیستەمی جیهانی بە شێوەیەک وابەستەییی لە نێوان وڵاتان دروست کردووە کە هەر هەڕەشە و مەترسییەک لە هەر شوێنێکی جیهان، کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر وڵاتان و ئەکتەرەکانی تری نێودەوڵەتی. جەنگی نێوان ئەم دوو وڵاتە پشێویی نێودەوڵەتیی دروست کردووە، بەتایبەت لەسەر ئەو وڵاتانەی کە نزیکایەتیی جوگرافییان لە ڕووداوەکان هەیە وەکوو وڵاتانی باڵکان، سێنتراڵ ئێیژە و قەوقاز. لەبەر ئەو گرنگییە جیۆپۆلیتیکییەی تورکیا لە ناوچەکە هەیەتی، بایەخی زۆری دەبێت لە جەنگی نێوان ئۆکراینا و ڕووسیا کە کۆمەڵێک دەرفەت و لە هەمان کاتدا، هەڕەشەی زۆر بۆ تورکیا دروست دەکەن؛ بە هەمان چەشنی سەردەمی جەنگی سارد. لێرەدا دەمانەوێت بزانین تورکیا کە لەگەڵ هەر یەکە لە ڕووسیا و ئۆکراینا پەیوەندیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی هەیە، ئەم پەیوەندییانە لە چ ئاستێکدایە و چۆنە و لە چ بوارێکدایە؟ لە کاتێکدا کە تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بەڵام لە ڕووسیایش نزیکە، ئەم جەنگەی ئێستا چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندییەکانی تورکیا و ڕووسیا دەبێت؟ هەروەها چ کاریگەرییەکی لەسەر داهاتووی سیاسەتی ڕووسیا لە سووریا لە بەرامبەر تورکیادا دەبێت؟ لە بەرامبەریشدا ئەم جەنگە چ کاریگەرییەکی لەسەر پەیوەندیی تورکیا و ناتۆ و ئەمریکا دەبێت؟ لە کۆتاییشدا لێکەوتەی ئەم ڕووداو و هاوکێشە سیاسی و ئابوورییانە لەسەر دۆزی کورد و هەرێمی کوردستان چی دەبێت؟

## یەکەم: بەرژەوەندییە هاوبەشە ئابوورییەکانی تورکیا لەگەڵ هەر یەک لە ڕووسیا و ئۆکراینا

لە بەراوردی پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ڕووسیا و لە بەرامبەردا تورکیا و ئۆکراینا دەردەکەوێت کە، تورکیا بەرژەوەندیی زۆر زیاتری لەگەڵ ڕووسیا هەیە، بەڵام لە هەمان کات لەبەر ئەوەی کە تورکیا دراوسێی هەردوو وڵاتە و تێکەڵاویی ئابووری و بازرگانی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەیە لەگەڵیان، بۆیە تورکیا یەکەمین بەرکەوتەی ئەو جەنگە دەبێت بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی، کە بە بڕوای ئێمە زیانەکانی زیاتر دەبن. لەبەر ئاڵۆزیی بوارە جیاجیاکانی ئەم بەراوردکارییە، ئێمە لە خوارەوە بەکورتی لەسەر چەند بوارێکی سەرەکیی ئابووری و بازرگانی لە نێوان تورکیا لەگەڵ هەر یەک لەم وڵاتانە گفتوگۆ دەکەین:

- تورکیا لە سەردەمی حوکمی داد و گەشەپێدان (ئاک پارتی)، نزیک بۆتەوە بێتە نێو دە یەکەمەکەی جیهانی لە ڕووی هێزی پیشەسازییەوە. بێ گومان هەرچەندی پیشەسازیی تورکیا زیاتر بەرەوپێشەوە بچێت، پێویستیی وزەی ئەم وڵاتە بە دەرەوە، زیاتر دەبێت. یەکەمین وڵاتیش کە تورکیا بۆ غاز پشتی پێ دەبەستێت ڕووسیایە. نزیکەی نیوەی غازی تورکیا لە ڕووسیا دێت (٤٣%). تەنیا لەو ماوەیەدا بەهۆی قەیرانەکان نرخی غاز لە تورکیا دوو هێندە زیاتر چۆتە سەرەوە و ئەمەیش کاریگەریی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر بار و گوزەرانی تورکەکان کە خۆیان زیاتر لە ساڵێکە بەدەستی بێبەهابوونی زۆری لیرەی تورکییەوە دەناڵێنن. ئەمە لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆکاری گوشارخستنە سەر کەرتی وەبەرهێنان و پیشەسازی لە تورکیا و دواتر باری

ئابووریی وڵاتەکە بەگشتی.

لە لایەکی ترەوە، بۆڕیی غازی تورکش ستریم (Turkish Stream pipeline) یەکێک لە پڕۆژە ستراتیژی و گەورەکانی جیهانییە کە غازی ڕووسیا دەگەیەنێتە تورکیا و لەوێوە بۆ ئەورووپای ڕۆژاوا دەچێت (بڕوانە وێنەکە). لەوانەیە ئەمە یەکێک لە ئەلتەرناتیڤەکانی ڕووسیا بێ بۆ خاکی ئۆکراینا، هەر بۆیە ڕووسیا بێ ترس دەستی بە جەنگ و داگیرکاریی ئۆکراینا کرد. لە بەرامبەردا، لەوانەیە ترسی تورکیا ئەوە بێت کە کاتێک ڕووسیا ئۆکراینا داگیر دەکات، ئەوا ئێستا کە ٨٠%ی غازەکەی بەوێدا تێ دەپەڕێ، دەتوانێ ئەو هەڕەشەیە لەسەر ناردنی نەهێڵێ و ئەوکات نزیکتر دەبێتەوە لە ئەورووپییەکان و، تورکیا بۆ گواستنەوەی غازی ڕووسی بۆ ئەورووپا ئەو بایەخەی نامێنێ. گرنگییەکی تری تورکش ستریم پایپی لاین ئەوەیە کە، ڕەنگە ڕووسیا بیری لەوە کردبێتەوە کە تورکیا خۆی بە لای غازی ئیماڕات، قەتەر و هەرێمی کوردستاندا نەدات و وەکوو ئەورووپییەکان بکەوێتە ژێر هەژموونی ڕووسیاوە لە ڕووی غازەوە.

- یەکەمین سەرچاوەی داهاتی تورکیا کەرتی گەشتیارییە. لە کاتی بایکۆتی ڕووسەکان بۆ تورکیا بەهۆی ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکەکەی ڕووسیا لە ئاسمانی تورکیاوە، بینیمان کە تورکیا تووشی چ قەیرانێکی گەشتیاری هات؛ چونکە بۆ ڕووسەکان شوێنی تری گەشتیاری وەکوو ئەلتەرناتیڤی تورکیا هەیە، بەڵام گەشتیاری ڕووسی بۆ تورکەکان بایەخی زۆری هەیە. هەر تەنیا لە ساڵی ٢٠٢١ کە لەناو گەرمەی نەخۆشیی ڤایرۆسی کۆرۆنا بووین، زیاتر لە چوار ملیۆن گەشتیاری ڕووسی بۆ گەشتوگوزار هاتوونەتە شارەکانی تورکیا؛ دەبێ لە کاتی ئاسایی و دوور لە نەخۆشیی کۆرۆنا چەند بووبێت! بەڕاستی ئەمە ژمارەیەکی زۆرە بۆ داهاتی تورکیا. لە ئەگەری بەردەوامبوونی جەنگی نێوان ئەم دوو وڵاتە، بێ گومان جگە لە گەمارۆکان و دۆخی جەنگ، خەڵک توانای گەشتی نامێنێ و ئەمەیش کاریگەریی لەسەر تورکیا دەبێت.
- ئاڵوگۆڕێکی گەرمی دانەوێڵە و بەرهەمە کشتوکاڵییەکان لە نێوان تورکیا و ڕووسیا و ئۆکراینا هەیە. تەنیا پار، تورکەکان بای ٢ ملیار دۆلار گەنمیان لە ڕووسیاوە هاوردە کردووە کە شەش ملیۆن و حەوت سەد هەزار تەن بووە، بەڵام لە هەمان کات ١٣%ی گەنمەکەیشی لە ئۆکراینا کڕیوە. لە بەرامبەردا ڕووسیا گەورەترین کڕیاری بەرهەمە کشتوکاڵییەکانی تورکیایە. هەرێمی کوردستان کە ئێستا تووشی قەیرانی ڕۆنی زەیت بۆتەوە، بەهۆی ئەوەیە کە تورکیا ڕووبەڕووی ئەم قەیرانە بۆتەوە؛ چونکە تورکیا نزیکەی نیوەی ڕۆنی زەیت بەهۆی هاوردەی گوڵەبەڕۆژەی ڕووسییەوە دروستی دەکات کە تەنیا پار، گەیشتۆتە یەک ملیار دۆلار.
- بەهۆی پێشکەوتوویی تورکیا لە بواری خانووبەرە و باڵەخانەوە، هەرێمی کوردستان، وڵاتە عەرەبییەکان، ئێرانییەکان، ڕووسەکان و ئۆکرانییەکان و چەندان وڵاتی تری دەوروبەریان، سوود لە وەبەرهێنە تورکەکان وەردەگرن. بەڵام دیسان جیاوازی لە نێوان بازرگانیی نێوان تورکیا لەگەڵ ئەم دوو وڵاتە هەیە؛ بۆ نموونە پار، زیاتر لە (٥) هەزار ڕووسی شوقە و خانوویان لە تورکیا کڕیوە، بەڵام ١٢٤٦ ئۆکراینی ئەم کارەیان کردووە لە تورکیا. ئەمەیش بەو مانایە دێت کە لەسەر ئاستی جیهان، یەك لەسەر چواری کڕیارانی موڵکی تورکی، ڕووسەکانن. جگە لەمەیش پار، وەبەرهێن و سەرمایەدارانی تورکی، زیاتر لە بەهای ١١ ملیار دۆلار وەبەرهێنانی خانووبەرەیان لە ڕووسیا کردووە. لە بەرامبەردا بۆ تورکیا، ئۆکراینا بە چوارەم دەوڵەت لەسەر ئاستی جیهان دادەنرێت کە وەبەرهێنانی خانووبەرەی تێدا دەکرێت.

- ئەگەر بەتەنیا پار، بکەینە نموونە بۆ پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ ئەم وڵاتانە کە لەناو قەیرانی جیهانیی کۆرۆنا بووین، نزیکەی بڕی ٧ ملیار و نیو ئۆکراینا و تورکیا بازرگانییان هەبووە؛ بەڵام بەگوێرەی هەندێک سەرچاوە، بازرگانیی نێوان تورکیا لەگەڵ ڕووسیا ٢٧ ملیار بووە، بەڵام هەندێک بە ٣٤ ملیار خەمڵاندوویانە. کەواتە قەبارەی بازرگانیی ڕووسیا و تورکیا، پێنج قاتی تورکیا لەگەڵ ئۆکراینایە. بەگوێرەی هەڵسەنگاندن و پێشبینیی ئابووریناسان، تورکیا زیاتر لە دە بۆ پانزە ملیار زیانی دەبێت بەهۆی ئەم جەنگەی ئێستا لە نێوان ئەم وڵاتانە هەیە؛ هەر بۆیە تورکیا بەرکەوتەیەکی سەرەکیی جەنگەکەیە لە پاڵ پۆڵەندا و دراوسێکانی تر؛ بۆیە هەوڵی زۆر دەدەن جەنگەکە بوەستێ. بۆ ئەمەیش سەرۆکی تورکیا چەندان جارە داوای دانوستاندن دەکات لەسەر خاکی تورکیا، بەڵام لە چەند ڕۆژی ڕابردوو هەرچەندە وەزیرانی دەرەوەی ڕووسیا و ئۆکراینا هاتنە تورکیا و دانوستاندنیان کرد، بەڵام هیچ ئەنجامێکی نەبوو.

## دووەم: بەرژەوەندییە سەربازی و سیاسییەکان

بە هەمان شێوەی پەیوەندیی ئابووریی نێوانیان، بازرگانی و ئاڵوگۆڕی چەک و کەرەستەی سەربازیی فراوانیش لە نێوان تورکیا لەگەڵ ڕووسیا و ئۆکراینا هەیە. ئەمە تاوەکوو ئێستا یەکێک لە پرسە گەرمەکانی دیالۆگ و دانوستاندنی نێوان تورکیایە لەگەڵ ئەمریکا و ئەوروپا، بەتایبەت لە بابەتی کڕینی سیستەمی بەرگریی "ئێس ٤٠٠"ی ڕووسیا لەلایەن تورکیاوە، کە بای زیاتر لە ٢ ملیار دۆلاری ئەمریکییە.

لە لایەکی تریشەوە بەهۆی ئەم جەنگەوە، بازرگانیی گەورەی نێوان ئۆکرانیا و تورکیا لەسەر فڕۆکەی بێفڕۆکەوان (درۆن) گورزێکی گەورە لە تورکیا دەدات، چونکە چەند ساڵێکە بەبەردەوامی ئۆکراینا پشت بە درۆنە تورکییەکان دەبەستێت و لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو بینیمان کە، ئەو فڕۆکانە کاریگەرییان لەسەر تێکشکاندنی هێزە ڕووسییەکان هەبوو لەلایەن سەربازە ئۆکراینییەکانەوە.

## سێیەم: هەڕەشەکانی جەنگەکە لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا

بەردەوامیی داگیرکارییەکانی ڕووسیا لە ئۆکراینا و فراوانبوونی زیاتری هەژموونی لەسەر سنوورەکانی تورکیا، هەڕەشەی جۆراوجۆر دروست دەکات کە دەتوانین بەم شێوەی خوارەوە دابەشی بکەین:

- هەر هێزێک دەریای ڕەش مۆنۆپۆڵ بکات، دەبێتە هەڕەشەی جددی لەسەر تورکیا و ناچارە لەگەڵیدا هەڵبکات، بەڵام هیچ دڵنیاییەک نییە کە ڕووسیا مێژوو دووبارە نەکاتەوە و پەلاماری ئاوە گەرمەکان نەداتەوە وەکوو لە سەدەکانی هەژدە و نۆزدە و بیست کردوویەتی، بەتایبەت ئێستا کە سووریا لەژێر هەژموونی خۆیەتی و تەنیا تورکیا دەبێتە بەربەستی ئەو ڕێگە ستراتیژییە.
  فاکتەرێکی تری ئەم هەڕەشانە بریتییە لە دۆزینەوەی غاز لە دەریای سپیی ناوەڕاست و دەریای ڕەش، کە ئەمە کاریگەریی لەسەر پەیوەندییەکانی ڕووسیا و تورکیا دەبێت و لەوانەیە بۆ ڕووسیا دەستبەسەرداگرتنی ئۆکراینا کارەکانی لە دەریای ڕەش بۆ ئاسانتر بکات بۆ سیاسەتی غاز لە ڕووی گواستنەوە و زیادکردنی ڕێژەکەیەوە.
- یەکێک لە کێشە گەورەکانی تورکیا دۆزی کورد و "پەکەکە"یە. لێرەوە تورکیا لە ڕووی

ئاسایشییەوە چەندان هەڕەشەی نوێی بۆ دروست دەبێت، کە یەکەکە دەبێتە دەرفەتێک بۆ هەر هێزێک کە تورکیا دژی بێت. واتە ڕووسەکان زۆر بەئاسانی دەتوانن ئەم داشە دژی تورکیا بجووڵێنن لە ئەگەری هەر دژایەتییەکی تورکیا بۆ سیاسەتی ڕووسیا لە ناوچەکە وەکوو ئەندامی ناتۆ.

- سووریا پرسێکی گەرمی سیاسی و سەربازیی نێوان ڕووسیا و تورکیایە. گەورەبوونی هەژموونی سیاسیی ڕووسیا لە ناوچەکە، دەبێتە لەمپەرێکی گەورە بۆ ڕێگریی ئەو داگیرکاری و دەستوەردانەی تورکیا لە سووریا دەیکات.

بە خوێندنەوەی وردی مێژووی سیاسیی ئەو ناوچەیە و بەتایبەت نێوانی ڕووسیا و تورکیا دەردەکەوێت کە، نزیکبوونەوەی ڕووسیا هەڕەشەی زۆر زیاتری لە دەرفەت هەیە بۆ تورکیا. کاتی خۆیشی، تورکیا لە ترسی لێژبوونەوەی یەکێتیی سۆڤیەت لە دوای جەنگی ساردەوە، لەترسا چووە ناو ڕێکخراوی هاوپەیمانێتیی باکووری ئەتڵەسی (ناتۆ) بۆ ئەوەی پارێزگاری لە کیانی سیاسی و جیۆپۆلیتیکیی خۆی بکات.

## چوارەم: کاریگەریی جەنگەکە لەسەر پەیوەندیی تورکیا لەگەڵ ناتۆ و ئەمریکا

پاڕادۆکس لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەرامبەر بەم جەنگە بەدی دەکرێت، چونکە تورکیا نایەوێت وەکوو "بەهاری عەرەبی" سیاسەتی دەرەوەی تووشی کێشە بێت. لە لایەک تورکیا ڕای گەیاند کە ناتۆ دەبێتە مایەی ئاشتی لە جیهان و لە لایەکی تر دەڵێت کە، ئێمە لایەن نین بۆ هیچ یەک لە ڕووسیا و ئۆکراینا! لە لایەکی دیکەوە، تورکیا ئەم جارە دەیەوێت ئەم هەلە بقۆزێتەوە و سوود لە جەنگەکە وەربگرێت، بۆیە هەر زوو ڕەتی کردەوە کە بەشێک بێت لەو سیاسەتی گەمارۆخستە سەر ڕووسیا و گوشارەکان لەسەر ئەم وڵاتانە بەهۆی جەنگەکەوە.

بەو مانایەی تورکیا دەیەوێت جەنگەکە وەکوو دەرفەت وەربگرێت؛ هەم بەرامبەر ناتۆ و ئەمریکا و ئەورووپییەکان و هەم بەرامبەر بە ڕووسەکان. تورکیا لەم دواییەدا بەدەست کۆمەڵێک قەیرانەوە دەناڵێنێ کە پێی وایە ئەوە ئەمریکا و ئەورووپییەکان بۆیان دروست کردووە و، ئێستا کاتیەتی بەهۆی ئەو جەنگەوە دەربازی بکەن و باری سووک بێت؛ بەتایبەت تورکیا نزیک دەبێتەوە لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆمار لە ساڵی داهاتوو کە بەهۆی ئەو قەیرانانەوە، تا دێت کێرڤی ئەردۆغان دادەبەزێت و زۆربەی پێشبینییەکان باس لە دۆڕانی لە هەڵبژاردنی داهاتوو دەکەن. کەواتە تورکیا چیی لەم لایەنانە دەوێت؟ چاوەڕێ دەکەین تورکیا داوای لادانی بەشێک لە گەمارۆکانی سەری بکات، تاوەکوو بەهای لیرەی تورکی بەرز بێتەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیی بە گوزەرانی خەڵکەوە هەیە؛ هەروەها ئەمریکا بوەستێ لە پاڵپشتیی ڕۆژاوای کوردستان و هاوکارییەکانی بۆ هەسەدە و پەیەدە. جگە لەمانە، ئەمریکا ئاسانکاریی بۆ بکات بۆ کڕینی فڕۆکەی S35 و پاڵپشتیی تری سەبازی و سیاسی وەکوو ئەندامی بەهێزی ناتۆ.

تاوەکوو ئێستا تورکیا خۆی یەکلا نەکردۆتەوە و ئەمەیش بە جۆرێک لە سیاسەتکردن دادەنێ؛ چونکە ئەو بێمتمانەییە نێودەوڵەتییەی لە دوای جەنگی ئۆکراینا دروست بووە، وای کردووە کە تورکیا تێ بگات لەوەی کە ئەو وڵاتەی دەچێتە جەنگەوە، تەنیا تووشیماڵوێرانی دەبێت و، ڕۆژاوا نە خۆی دەچێتە جەنگ و نە ئامادە دەبێت بەرگری لەو وڵاتانەی هاوپەیمانی بکات. هەرچەندە بارودۆخی تورکیا و ئۆکراینا جیاوازە و، تورکیا ئەندامی ناتۆیە، بەڵام تورکیا پێی وا نییە کە ئەمریکا و ئەورووپا پشتیوانیی ئەوتۆی وڵاتەکەی بکەن؛ لە

کاتێکدا ئەگەر ئێمە بگەڕێینەوە بۆ مێژوو، دەبینین کە هەر کاتی ڕووسیا نیازی داگیرکردنی تورکیای هەبووبێ، بریتانیا و فەڕەنسا چوونەتە جەنگەکە و ڕێگرییان لە چوونی ڕووسەکان بۆ ئەم ناوچەیە کردووە.

بەگشتی تورکیا دواجار هەر ئەمریکا و ئەوروپا هەڵدەبژێرێت، لەبەر ئەوەی ئەندامی ناتۆیە و چەندین پرسی تری وەکوو هاوسنووری و پرسی کۆچ و ئاڵوگۆڕی ئابووری و بازرگانی و دەروازەی وشکانیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و... وا دەکات کە، ئەم دوو لایەنە دەستبەرداری یەکتر نەبن؛ بەڵام ئەم جارە تورکیا لە بەرامبەر هەر وەستانەوەیەک لە دژی سیاسەتی ڕووسیا، ئاستی داواکارییەکان و دڵنیاییەکانی لە ئەوروپا و ئەمریکا بەرز دەکاتەوە.

## پێنجەم: سیناریۆکانی دوای جەنگی ئۆکراینا بۆ دۆزی کورد لە سێ پارچەی کوردستان

لە ئەگەری بەهێزبوونی پەیوەندیی ڕووسیا و تورکیا، گورزێکی گەورە بەر کوردستانی ڕۆژاوا دەکەوێت. ئەگەر ئەم سیناریۆیە سەر بگرێ، ئیدی کوردەکان بەناچاری پشت لە ڕووسیا دەکەن و دەچنە پاڵ هاوپەیمانێتیی ڕۆژاواییەکان؛ کە ئەمە ئەرکی ڕۆژاوای کوردستان قورس دەکات، چونکە دەبێ لە دژی ڕووسیا، تورکیا و سووریا بن. سەبارەت بە هەرێمی کوردستان، بارودۆخەکە جیاواز دەبێت؛ لەبەر ئەو ستاتۆیەی هەرێم هەیەتی بەهۆی پشتگیریی نێودەوڵەتی، پێگەی دەستووری لە عێراق، سیستەمی سیاسیی بەهێزی هەرێم و ئەزموونی هەرێم لەگەڵ مامەڵەی دەرەوە و کۆمەڵێک ڕەهەندی تری ئابووری وەکوو بوونی غاز و نەوت و پەیوەندییەکانی دەرەوە.

سیناریۆی دووەم، لە بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان و ڕۆژاوای کوردستان و باکووری کوردستانە؛ کاتێک ڕووسیا ئۆکراینا داگیر بکات و، لە چەندان لاوە نزیک دەبێتەوە لە تورکیا و بەم هۆیەوە کێشەی زۆر بۆ تورکیا دروست دەکات و دەبێتە هەلێک بۆ دۆزی کورد لە پارچەکان تاوەکوو تورکیا نەتوانێ بەم شێوەیەی ئێستا داگیرکاری لە باکوور، باشوور و ڕۆژاوای کوردستان بکات. لەوکاتەدا هەرچەند ڕۆژاوا یارمەتیی تورکیا بدات بۆ دژایەتیی ڕووسیا، بەڵام ناتوانن پاڵپشتیی تورکیا بکەن بۆ ئەو سیاسەتەی بەرامبەر کورد گرتوویەتییە بەر، بەتایبەت ئەمریکا، فەڕەنسا و ئەڵمانیا. لە بەهاری عەرەبی، تورکیا دژی سووریا بوو کە ئەمەیش لەگەڵ سیاسەتی ڕۆژاوا یەکی دەگرتەوە و دژی ڕووسیا بوو. بۆیە ڕووسیا کارتی کوردەکانی ڕۆژاوای دژی تورکیا بەکار هێنا، هەتا وای لێ هات کە تورکیا لە دوای ڕووداوی خستنەخوارەوەی فڕۆکە ڕووسییەکە، ئیدی بۆ دەربازبوون لەو قەیرانانە، وردە وردە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا ئاسایی کردەوە تاوەکوو ڕووسەکان کارتی کورد دژ بە تورکیا نەگرنە بەر، کە خەریک بوو بەتەواوی دەبوونە هەڕەشە لەسەر تورکیا. بەڵام ئەوەی لێرەدا کێشەیە بۆ هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە، هەرچەندە ئەگەر ڕووسیا لەگەڵ تورکیاش بکەوێتە کێشە، لەگەڵ ئێران پەیوەندییەکانی ئاسایی یان باش دەبێت و بەهۆی ئەو هەژموونەی ئێران بەسەر عێراقی هەیە، دیسان کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست دەبێت وەکوو ئەو گومانانەی لە پشتی بڕیارەکەی دادگەی فیدراڵی عێراق هەبوون سەبارەت بە نایاساییبوونی یاسای نەوت و غازی هەرێم تاوەکوو ڕێگری بکەن لەوەی هەرێم غاز بنێرێتە دەرەوە و بەشە غازی ئەوروپا لەگەڵ ئیماڕات و قەتەر دابین بکەن، تاوەکوو ئەلتەرناتیڤی غازی ڕووسیا بۆ ئەوروپا و غازی ئێران بۆ تورکیا بن.

## کۆبەند

توركیا لە داگیركردنی ئۆكراینا، هەم دەرفەتی دەبێـت و هەم هەڕەشە وەكوو لە سەرەوە باسمان كردوون، بەڵام بەگشتی داهاتووی توركیا بەهۆی ئەو جەنگ و داگیركارییەوە خراپ دەبێت. هەرچەند لەم قۆناغەدا ڕووسیا، بەهۆی هێزە جیۆپۆلیتیكی و جیۆئیكۆنۆمییەكەی لە ناوچەكە، كێشەی ئەوتۆ بۆ توركیا دروست ناكات، بەڵام پێكدادانی بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەكانی ئەم دوو وڵاتە، ئەگەرێكی بەهێزە لە چەند ساڵی داهاتوودا.

جەنگ لە هەر شوێنێكی جیهان دروست بێت، كاریگەریی لەسەر بەشەكانی تر دەكات لە دوای دروستبوونی سیستەمی جیهانییەوە. كاریگەریی جەنگی ڕووسیا و ئۆكراینا لەسەر توركیا و هەرێمی كوردستان بەخێرایی دەردەكەوێت، لەبەر ئەو نزیكییە جوگرافییەی لە نێوان ئەم وڵاتانە هەیە. بەهۆی ئەوەی هەرێمی كوردستان و توركیا تێكەڵاوییەكی گەورەی ئابووری و بازرگانی و سیاسییان هەیە، بۆیە هەر كێشەیەك بۆ توركیا دروست بێت، ڕاستەوخۆ لەسەر هەرێمیش دروست دەبێت (بۆ نموونە گرانبوونی نرخی كەلوپەل، خواردن و دانەوێڵە و ڕۆنی زەیت و... لەم چەند ڕۆژە كەمەی جەنگەكەدا). بە هەموو بارێك، لەگەڵ ئەوەی هەرێمی كوردستان پێویستە هاوسەنگی ڕابگرێت و خۆی لە لایەنگرانی ئەو جەنگ و ململانێیانە بەدوور بگرێت، بەڵام بە هەڵسەنگاندنی بەرژەوەندییەكانی هەرێمی كوردستان و ئەزموونی مێژوویی، بۆمان دەردەكەوێت كە دواجار هەرێم دەبێت ڕێڕەوی توركیا و ئەوروپا و ئەمریكا هەڵبژێرێ؛ بۆیە دەبێ بەوردی لەم ڕاستییە لۆژیكییە تێ بگات.